# بۆ بەڕێز زانا روستایی وکۆمەڵی ئیسلامی لە پێناوی گفتوگۆیەکی ئاقڵمەندانە .. بەشی یەکەم ...

شیروان مەلا ئەحمەد شاڵی

بسم اللە الرحمن الرحیم

بەر لەهەر شتێک لە خوای میهرەبان داواکارم هەر کەسێک سەر بخات کەلە رێی راستیا جیهاد ئەکا. روونکردنەوەکەی جەنابتانم لە کوردستاننێتا خوێندەوە، تیایا ئەفەرموی من یاسا ناسم و پارێزەرم، خوا دەس بە بالتەوە بگرێ بۆ دیفاع کردن لە حەق. هەر لەوێیا ئەفەرمووی من ئەم بێ رێزیە رەت ئەکەمەوە کە کیتابەکەی مەریوان بەرامبەر بە پیرۆزیەکانی گەلەکەم کردویەتی. من ئەپرسم کاک زانا تۆو ئەو پەروەردیگارەی من و تۆی دروست کردوە تۆ ئەم کیتابەت بینیوە؟ ئەگەر بینیتە خوێندوتەتەوە؟ ئەگەر خویندوتەتەوەو بە دیقەت لێی وورد بویتەتەوە؟ من ئەم کتێبەم خوێندەوە زۆر بە دیقەت بەراستی شتێکم تیا بەدی نەکرد کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بروخێنێ، کلما فی الامر کابرا هاتوە هەنێ شتی نوسیوە و هەنێ پرسیاری کردوە پاش ئەمەی وەکو من و تۆ کیتابی تاریخی ئیسلامی خۆندۆتەوە، ئەم سوئالانەی بۆ دروست بوە، سوئال و موجادەلە حە قێکی شەرعیە و هەمو کەس بۆی هەیە سوئال بکات، جا ئەم سوئالە هەر چی بێت ناقل الکفر لیس بکافر جا ئەم شتە ئەگەر بەاجتیهادی من و تۆ غەلەتە ئەمە لەسەرمانە ئێمەش رەئی خۆمان بنوسین و رەخنەی لێ بگرین نەوەکو دونیای لەسەر بهێنینەوە یەک و خەلکی رەشو روتی لێ هان بدەین ئەو رۆژە تەلەفونم بۆ مامەم کردوە لە سلێمانی پێم ئەڵێن چۆتە موزاهەرە دژی ئەوکافرانەی جوێنیان بە حەزرەتی پێغەمبەر داوە (د. خ) ئەو کافرە کێیە؟ مەریوانە!!!
مامەم کەسێکی نەخوێندەوارەو تەمەنی حەفتا زیاترە پرسیومە کێ بردویەتی ئەڵێن چەند کەسێک هاتون بەناوی کۆمەڵی ئێسلامی و یەکگرتوو مال بە مال گەراون و قسەیان بۆ خەلقی کردوەو نوسراویان داوەتە مالان کە جیهاد بکەن دژی ئەم بێ حورمەتیە و بێن بۆ رێپێوان. ئاخۆ ئەبێ چەند هەزار نەخوێندەواری وەکو مامەم کە ئاگاداری هیچ شتێ نین تەنها بۆ قەلّە بالّغ کردنی شەقام کۆکرابنەوە من لە ئێوە ئەپرسم توخوا ئەم کارە سود بە ئاینەکەمان ئەگەیەنێ یان زیاتر دینەکەمان ناو بەد ئەکا؟ بروانە هەتا ئێوە ئەم هەرایەتان لەسەر ئەم کیتابە نەخولقانبوو ژمارەیەکی زۆر کەمی خەلّق نەبێ کەس نەی ئەزانی کیتابی وا هەیە. ئێستا دوای ئەم هەرایە بە هەزاران کەس وا بەدوای ئەم کیتابە ئەگەرێ، من بەش بە حالّی خۆم تاقەتی کیتاب خوێنەوەم نەماوە بەلام بە نرخێکی گران پەیدام کردو خوێنمەوە. ئێستا کێ لەبەر ئەم هەرایەی ئێوە لە هەولێر و سلێمانی و رانیەو کەلار بە نهێنی دەیان هەزار نوسخەی لێ کۆپی کراوەوتەوە و تەنانەت گەیشتۆتە ئەورووپاش، ئاگادارم خراوەتە سەر سی دی و خەلک لەسەری ئەگرنەوە چونکە ئێوە بەم ژاوە ژاوە فچولی خەلقیتان جولاننەوە حەزەکەم بزانم سەبەب چیبو ئێوە ئەمەتان کرد و بەردەوامیشن لەسەری، ئەگەر بۆ ئەمەبێ کە هو شیاری بدەنە خەلک کیتابەکە نەخوێننەوە ئەمە لە سایەی ئێوە ژمارەی نوسخەکانی لە 500 دانەوە بو بە دەیان هەزار دانەو خەلکیش بەردەوام داوای ئەکات هەر تەنیا هینەکەی من دەیان رەفیق و برادەر خوێنویانەتەوەو بەریش ناکەوێ بەخوا هەمویشمان موسلّمانین و وەکو جەنابت نوێژ

ئەکەین و من خۆم لە بنە مالەیەکی دینیم و خەلک هەموو لە سلێمانی ئەمان ناسێ. ئەو ڕۆژە لە مزگەوتەکەی ئۆلدری دوای نوێژی مەغریب لە گشت برا موسولمانەکانی خۆمانم پرسی کە هەموی کیتابەکەیان خوێنبۆوە وتم ئەرێ خەلکینە دوای خوێنەوەی ئەم کیتابە کەس ئیمانی زەعیف بووە هەمویان پێم پیکەنین، تاکە کە کەسێک کە مۆرەی لێئەکردم ئەو برایەبوکە کیتابەکەی نەبینیبو، هەر دەنگوباسی تەکفیرکردنی کیتابەکەی بیستبو. ئێ دە برای موسلمانم ئێوەش تۆ زێک بە عەقل و ژیری هەلس و کەوت بکەن. من سەیرم بەوە یەت مامۆستا عەلی باپیر کە عەللامەیەکی دینە و خودا نەسرەتی با چۆن موافەقە لەسەر کاری وا ئەکا. خۆ لەناو (کۆمەلا) دەیان عەللامە هەن ئایا بە هەموان ناتوانن کیتابێ لە ڕەددی ئەم کیتابە بنوسن. لە جیاتی ئەمەی خەلکی سادەو نەخوێنەوار لە نوسەرەکەی هان بەن، خۆ ئەم کەسە هەرچی بێت ڕۆلەی ئەم ولاتەیە، لە شوێنێکی تر نەهاتوە، ئەمە بۆچ هەریەکێ هات و پرسیارێکی کرد ئێمە ئەبێ بێین ڕجمی بکەین ئایە کیتاب ئەتوانێ دینێک سوک بکات کە عومری چوار هەزار سالە؟ من تەعەجوبم لەوە یەت بۆ ئێمەی ئیسلام کە ڕۆژانە دەیان سوکەیەتی بەم ئاینەمان ئەکرێ و خۆمانی لێ بێ دەنگ ئەکەین بەلام بۆ کیتابێک ئاژاوەی وا ئەنێینەوە، ئەرێ مەلا کانی موسڵ کە فەتوا بۆ کوشتن و تالان کردنی کورد دەر ئەکەن بەم فەتوایانە تا ئێستا زیاترلە 600 ڕۆلەی کوردی بێتاوان لەم شارەیا کوژراون، ئایا ئەمە سوکایەتی کردن نیە بە ئیسلام، هەموو بینیمان لە تەلەفزوێن چۆن بە نەصی ئایەت و حەدیس جەماعەتی انصارالسنە سێ منالی کوردیان سەر بری، یا وەکو ئەحزابی قەومی لەمەیا بێ دەنگ بون خۆ ئەبوایێ ئێمەی ئیسلامی لەسەر ئەم کارەساتە ڕۆژی حەشرمان بقەومانبوایێ، بەیاننامەیەک بۆ کارەساتی وا بەس نیە ئەمە بەراستی هەرەشەیە بۆ دین کەسێک ئەمە ئەبینێ ئەلێ مادامەکێ ئیسلام ئاوابێ چیم داوە لە ئیسلام، بەمە خەلک لە دین ئەتەکێتەوە نەک بە کیتابێک کە سەدا نەوەدی خەلک نەیبینیوە، دەبایێ ئەوکات برژابونایە سەر جادە تا بە خەلک بووترایە ئەمانە دز و جەردەو تاوانبارن ئەمانە بێبەرین لە ئیسلام، تاکو هەر هیچ نەبێ ڕۆلەی کورد هە لنە خەلەتێو نەچێتە ژێر بالیان، چونکە دواتر بینیمان کورە کورد چونە ریزیانەوە بەناوی جهاد. بەداخەوە ئێمەی ئیسلامی هەر ئازاین فلان تەکفیر بکەین و فلان حەرام بکەین، تەرکیز بکەینە سەر شتی لاوەکی و شتی گرنگ و ئەساسی فەرامۆش بکەین. لە جیاتی ئەمەی ئیسلام بکەین مەنهەجی برایەتی و لێک حالی بوون، لە جیاتی ئەمەی بە هەلس و کەوتی جوانی خۆمان وا بکەین خەلقی ئێمەی خۆش بوێ کەچی بەداخەوە کاری هێندە دور لە عەقل و هۆشمەندی و ژیری ئەنجام ئەدەین کە زیاتر دینەکەمان لاواز بکات، باوەر بفەرمون پەیدا بونی هەزاران حزبی دینی لە م سەردەمەیا مەعنای بە هێز بونی دین نیە، ئەسلەن ئەمانە دینیان شێوانوە، ئێستا لەپای ئەم هەمو کارە توند ڕەویانەی ئەحزابی ئیسلامی، خەلک وا ئەزانن ئیسلام تەنیا دینی ترس و تۆقانن و کوشتنت و بڕینە، ئەمانە لە بیری خەلقیان بردۆتەوە کە ئیسلام فەلسەفەیە، ڕێبازی ژیانە، بە لێ قوولبوونەوە پێش ئەکەوێ وبە حوارو لێک تێگەیشتن گەشە ئەسەنێ، تا ئێستا کەسمان ئەوەنە ئازایەتیمان تیا نیە (زەرقاوی) تەکفیر بکەین و خەلقی لێ هان بەین، بەلام نوسەرێکی بێ پەرو بالی فەقیر کە نەدەستی بە خوێنی کەس سوورە نە هیچ بێ ئەدەبیەکی نواننوە دیێن خەلقی لێ هان ئەدەین تەنیا لەبەر ئەوەی هەنێ پرسیاری کردوە یان هەنێ شتی دەربرێوەکەلەگەل من و تۆیا ناگونجێ، بەبی شک هەریەکێ داوای حیوارو گفتو گۆ بکا هەرگیز بێ ئەدەب نیە،

بە پێچەوانەوە یەكێ لە حیوار رابكا و هەرەشەو هەرا بنوێنێ، دیارە لەسەر ناحەقەو شتێكی پێ نیە تا قەناعەت بە خەڵقی بكات. تا بەشی دوهەم.